# کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

## گرتنی ریبوار عارف بەرپرسی کەمپینی دادگایی صدام
## لەلایەن ئاسایشی یەکێتیەوە مەحکوم دەکەین

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەرامبەر پەرە گرتنی رۆژ بەرۆژ زیاتری نارەزایەتی وخۆپیشاندان و مانگرتنەکانی خویندکارانی زانکۆی سلێمانی و مامۆستایان و کارمەندان و کرێکاران و خەلکی هەژاری کوردستاندا، توشی ئەزمە و فشارێکی زۆر بوەتەوە، ئێستا پەنای بردوتە بەر گرتنی خۆپیشاندەرانو ئەو کەسایەتیو لایەنانەی پشتیوانی لەو خواستە ڕەوایانەی ئەم خەلکە ستەملێکراوانە دەکەن.

ریبوار عارف بەرپرسی کەمپینی دادگایی صدام حسین و بەرپرسی شورای سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لە دەرەوە، یەکێك لەو کەسایەتیە ناسراوانەی خەباتی بەردەوام دەکات بۆ ئنسانیەتو ئازادی سیاسی، کاتێ بەشداری خۆپیشاندانی خویندکارانی سلێمانی کردوە، لە بری پێشوازیو رێز لێگرتنی، دەزگای ئاسایشی سلێمانی بە تاوانی پشتیوانی کردن لەو خۆپیشاندانە گرتویانە و چونەتە سەر مالی خانەوادەیو براکەشیان گرتوە. ئەمە نمونەیەکی تر لەو هەموو "ئازادی" و "دیموکراسی"یەیە کە یەکێتی نیشتمانی ڕۆژانە دەیلێتەوە.

بەشداری کردنی کەسێکی ئازادی خواز، پشتیوانی کردن لە مافی خویندکاران و مامۆستایان و خەلکی نارازی کوردستان، ئەمرۆ تاوانێکە و خەلك لە کوردستاندا دەبرێتە زیندان لەسەری، نەك هەر ئەمەش بەشێوەی جارانی بەعس خانەوادەی ئەو کەسانەش توشی ئازار و زیندان و لێپرسینەوە دەبن. ئەمەیە ئەوپەڕی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بۆ دەربرینی را و نارەزایەتیەتی لە سایەی دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی کوردستاندا. ئەمەیە ئەوپەڕی ئەو مەدەنیەت و ئازادیەیە کە ئەم حکومەتە میلیشیا و عەشیرەتیانە بۆ خەلکی مەدەنی و ماف خوراوی کوردستانی بەرەوا دەناسن.

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەروەك لە پێشەوەی مانگرتنی مانگی ئازار و نیسانی خویندکارانی زانکۆی سلێمانی و مامۆستایانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ڕاوەستا و پشتیوانی تاسەری کردن، ئێستاش دەنگی نارەزایەتی خۆی بەرامبەر بەم سەرکوت و پیشیلکاریانەی دەزگاکانی ئاسایشی یەکێتی لە کوردستان و لە دەرەوەدا بەرزدەکاتەوە، کردەوەی دەستگیرکردنی ریبوار عارف و هەموو ئەو کەسانەی پشتیوانیان لەم خۆپیشاندانانە کردوە بە توندی مەحکوم دەکاتو دەبێ دەست بەجێ ئازاد بکرێن، خوازیاری نەهێشتنی ئەم پیشیلکاریانەین کە دژ بە ئازادی و مافی خەلکی کوردستان دەکرێت.

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان باوەڕی وایە کە کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی میلیشیایی، بە دامەزراندنی دەولەتێکی عەلمانیو غەیرە قەمومی سەربەخۆ لە کوردستاندا، دەسەلاتێکی مەدەنی و مافی ئازادی ڕادەربرین و مانگرتن و خۆپیشاندان دابین دەبێت، بەدیلێکە کە دەتوانێت سەرجەم خەباتی ئازادیخوازانە و مەدەنیانەی لاوان و ژنان و کریکاران و خەلکی ئازادیخواز و مۆدیرنی کوردستان بەسەرکەوتن بگەیەنێت. ئێمە لەپێناو دیفاعکردن و بەدەستهێنانی ئەم ئازادی و مافانەی خەلکی کوردستان تێدەکۆشین و دژ بە هەر هێرشێکی دەسەلاتدارانی ئێستای کوردستان بۆ سەر ئازادی دەوەستینەوە، پشتیوانی لە نارەزایەیتە ڕەوا و مەدەنیەکانی خەلکی کوردستان دەکەین و بەهێزی دەکەین تا سەرکەوتن.

2005/05/05

Asokamal1@aol.com,zmnaco@yahoo.co.uk, ghafur@ukonline.co.uk
www.kurdistanreferendum.net
Tel :Amjad 07944382939, Aso07768140077, Zmnaco 07701549800